
حەشاشەکان
کێن؟
ئاریوس پۆلا

حەشاشەکان کێن؟............................................................٢
ڕاستی چیرۆکەکەیان:......................................................................٤
ستراتیژیەتی سەربازی ڕێکخراوەکە: .............................................٦
حەشاشەکان لەشام: .................................................................٧
دوژمنایەتی و ڕێکەوتنی حەشاشەکان لەگەڵ صلاح الدین: .........................٨
کۆتایهاتنی حەشاشەکان: ..........................................................٩

## حەشاشەکان کێن؟

لەکۆشتنی پادشاکان و دەستخستنە ناو کاروباری دەوڵەت تادەگاتە ترساندنی خەڵکی ئاسایی، بەجۆرێک هیچ کەسێک کە دژی کۆمەڵەی حەشاشەکان دەوەستێت لە ئاسایشدا نابێت، تەنانەت لەناو ماڵەکەی خۆشیدا، نازانێ کێ دەیکوژێت، ژنەکەی یاخود براکەی یان ڕۆڵەکەی کە بەدەستی خۆی پەروەردەی کردووە تاببێتە میراتگری لە دواڕۆژدا و ئاڵای ئامانجەکانی هەڵبگرێت!

بەڵێ ئەوە "حەشاشەکانن" ئەو کۆمەڵەی کە ماوەی ٢٧٠ساڵ باڵیان کێشا بەسەر جیهانی ئیسلامیدا بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ سوپا و چەکێکی بەهێزبن!

دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە کەسێکە بەناوی حسن صباح کە لەسەر مەزهەبی ئیسماعیلی شیعی بوو. پاش ئەوەی لەساڵی ٤٨٣ک خۆی و چەند کەسێک دەچنە قەڵای ئەلەموت کە دەکەوێتە باشوری دەریای قەزوین لەئێران لەسەر شێوەی بازرگان، دەستدەگرن بەسەر قەڵاکەدا و خۆیان ڕادەگەیەنن وەک کۆمەڵێکی شوێنکەوتووی میری لابراوی فاطمی (نزار) لە میصر!

ناچێتە باوەڕەوە کۆمەڵەیەک لەناو قەڵایەکدا بتوانن ئەو ترسە گەورەیە دروست بخەنە دڵی پادشا و ئەمیرەکان، بەدرێژای دوو سەدە دەست بگرن

بەسەر سیاسەتی ناوچەکەدا لە خۆراسان تا شام و لەوێوە تا حجاز و یەمەن و تا دەگاتە میصر بنکەی فاطمییەکان!

**قەڵای ئەلەموت:** دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی لە ئێران و لەبەرزایی ٦٠٠٠م بیناکراوە و تەنها یەک ڕێگای باریکی پێیدەگات و، ئەستەمە هیچ سوپایەک بەعەتادی جەنگییەوە پێیدا سەربکەوێت، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٩٧ک لەسەر دەستی کەسێک بەناوی (الوه موت) واتە(هێلانەی هەڵۆ) زۆرێک قسەی جۆراوجۆری لەسەر دەکەن، گوایە هاوشێوەی بەهەشت بووە و ئافرەتانی جوان و باخ و بێستانی بێوێنەی تێدابووە و ڕووباری لەژێردا ڕۆشتووە، بەڵام کاتێک تەماشای جوگرافیای ناوچەکە دەکەیت دەبینیت ناوچەیەکی بەفراونی و وشکە و هیچ ڕووەکێکی بەرووبومداری لێناڕوێت و ژیان تێیدا سەختە، کەواتە بەوجۆرە نییە کە باس دەکرێت.

**سەربازی حەشاش:** کاتێک باسی حەشاش دەکرێت لەوانەیە پێتوابێت کەسێکی مەست و سەرخۆشە بەهۆی کێشانی ئەو ڕووەکەی کە پێی دەگوترێ حەشیش. بەڵام لەڕاستیدا بەوجۆرە نییە، ناوی حەشاش لە (حساس)ەوە هاتووە واتە کەسێکی هەستیار و وریا، ئەمەش سیفەتی سەربازەکانی ئەو کۆمەڵە بوو. سەربازانی ئەم کۆمەڵە هاوشێوەی سەربازانی کلاسیکی پەروەردە نەدەکران، بەڵکو شێوازی ڕاهێنانیان زیاتر لە نینجای یابانییەوە نزیک بوو لەهەردوو بواری جەستەی و دەروونی، بەجۆرێک گرنگترین شت لەژیانیدا جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەیە کە سەرکردەکەی پێی دەدات، تەنانەت ڕێیان بەخۆیان نەدەدا پاش ئاشکرابوونیان بەزیندووی بکەونە ژێر دەستی دووژمن، بەڵکو خۆیان کۆتاییان بەژیانیان دەهێنا لەڕێی حەپێکی ژەهراوی کە لە گیرفانێکی شاراوەدا دەیانشاردەوە!

## ڕاستی چیرۆکەکەیان:

زۆر چیرۆک و داستانی سەیر هەیە لەسەر حەشاشەکان، پێمواییە مێژوونوسان باسیان کردووە تا بیانو و موبەریرێک بدۆزنەوە بۆ بەرخودان و پتەوی بیروباوەڕی ئەم کۆمەڵە و فیداگەریان و مەلەکردنیان لەناو چەندین ناهەمواری و سەختیدا، بەڵام هیچ کام لەم داستانانە لەگەڵ ڕاستی و واقعدا یەک ناگرێتەوە. بۆنموونە هەندێک لەمێژوو نوسان و گەڕۆکەکانی هاوشێوەی مارکۆ پۆلۆ دەڵێت گوایە قەڵای ئەلەمووت وەک بەهەشتێکی سەرزەمین بووە. ئافرەتانی جوان و ناوەزەی تێدابووە، لەگەڵ باخ و باخاتی ناوازە و بەم جۆرە سەربازەکان خەڵەتێنراون بەوەی کە لەم نازونیعمەتەنراون بۆ ماوەیەک و پاشان حەشیشیان پێدراوە و پێیان گوتراوە ئەگەر فەرمانەکەت بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا و تێیدا گیانت بەخت بوو ئەوا بەشێوازێکی تاهەتایی دەکەویت ئەو نازونیعمەتەوە!

١- هەموان دەزانین مادەی حەشیش کاریگەری نەرێنی لەسەر مرۆڤ دروستدەکات و وادەکات مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لەدەستبدات، بەمەش ناتوانێت کارەکەی بەڕێکوپێکی ئەنجامبدات و تەرکیزی لەسەر ئامانجی بمێنێت.

٢- خودی ئەو نازوونیعمەتە مرۆڤ والێدەکات کەتوشی نەوینەوە و نەمانی هێزی و داڕوخانی دەروونی و لاوازی بیروباوەڕ دەکات، بەمەش ناتوانێت ئەو جورئەتەی بۆ دروست بێت کە لەکاتی دەستگیرکردنیدا خۆی بکوژێت.

٣- زۆر نالۆژیکییە باوەڕت وابێت کە مرۆڤ بەوجۆرە ڕادەهێنرێت بۆ هەڵگرتنی بیروباوەڕ و فەرمانێک و جێبەجێکردنی لەوپەڕی تەواو ی و کامڵیدا.

٤- لە مێژوودا نمونەی زۆرمان هەیە لەبەرخۆدان لەپێناو بیروباوەڕ گەلێکی پوچ. زۆرینە بیستومانە لەجەنگی دووهەمی جیهانیدا چۆن فڕۆکە جەنگییە یابانییەکان خۆیان دەدا بە کەشتیە ئەمریکییەکاندا و خۆیان پێدا دەتەقاندەوە، هەروەها ماتۆڕە ئێرانییەکان لەجەنگی ئێران و عێراقدا خۆیان

بەتانکەکانی سوپای عێراقی، وە زۆر نمونەی دیکەی بەرچاو هەن لەم زەمانەی ئێمەدا بۆ ئەم بابەتە.

بۆیە ئێمە لێرەدا دەتوانین بڵێین بیروباوەڕی ئەو کۆمەڵە کاریگەری لەسەر تاکەکانی دروست دەکات، بەوەی کە لەمنداڵییەوە لەسەر بەرخۆدان و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرکردە پەروەردە دەکران و، وەک بە دەستەواژەی سەردەمیانە دەڵێن (مێشک شۆردنەوە) بەوەی بەردەوام چەند وشەیەکیان بۆ دووبارە دەکرێتەوە تا لەزیهنیاندا بچەسپێت، وە لێی جودا نەبێتەوە لەهەر بارودۆخێکدا. هەروەها ئەو ڕاهێنانە بەردەوامەیان لەسەر هونەری جەنگ توانا و بڕوا بەخۆبوونێکی زۆری پێدابوون بەوەی بچنە ناو ئەوپەڕی مەترسییەوە و خۆیان ڕزگاربکەن بێ ئەوەی پێیان بزانرێت، ئەوانەی هونەری جەنگ یان کردووە باش دەزانن زانینی ئەم هونەرە ترسی مرۆڤ کەمدەکاتەوە، وە وایلێدەکات بڕوای بەخۆیبێت لە کارەکانیدا، بۆیە وادەبینین واقع دەڵێت حەشاشەکان کەسانێکی ئاسایی بوون، وە باوەڕەکەیان بەدۆسەکەیان وای لێدەکردن خۆیان فێدابکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. وە نمونەی زیندووش لەناو کوردا پێموایە ڕێکخراوی pkkیە کەماوەی ٤٠ساڵە منالانی کورد لەپێناو بیروباوەڕێکی پوچدا بەکوشتدەدەن، وە زۆرێک لەسەربازەکانیان ئامادەن خۆیان بکوژن، بەڵام دوژمن نەیانگرێت، وە ئێمە زۆرێکمان لەوانەیە بەچاوی خۆمان ئەوەمان بینیبێت. هەروەها لەڕووی دەرونییەوە لەسەر بنەمایەک پەروەردە دەکرێن کە هیچ پەیوەندییەکی بەزیندوبوونەوەی مرۆڤ نییە لەڕۆژی دوایدا و بنەمای پاداشت و سزا لەفەرهەنگی ئەواندا نییە، لەهەمان کاتیشدا مادە هۆشبەرەکان بەکار ناهێنن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بەڵکو لەمناڵییەوە لەسەر ئەوە پەروەردە دەکرێن کە بۆ ئەو ئامانجەی هەیانە بژین و لەپێناویدا بمرن و ئارام لەسەر کۆسپ و ناهەموارییەکانی ژیان بگرن.

## ستراتیژیەتی سەربازی ڕێکخراوەکە:

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوەی زانراو بوو کە خاوەن دۆسەو قەزیەکان هەوڵی کۆکردنەوەی هێزیان دەدا و پاشان ڕووبەڕووی دوژمنەکانیان دەبوونەوە یان لەڕێگەی جەنگی ڕێکخراو یاخود جەنگی پارتیزانی و ناڕێکخراو، بەڵام حەشاشەکان هیچ کام لەم جۆرە جەنگانەیان نەگرتەبەر، بەڵکو جۆرێکی دیکە لە جەنگ کە تێیدا لەجێی ئەوەی سەدان هەزار سەربازی تێدا بکوژرێ و دەیان شار و لادێی تێدا وێرانبێت، کەسێک یان چەندکەسێکی کەم خوێنەکەی دەدەن و جەنگ دەکوژێننەوە. واتە ستراتیژیەتی جەنگی هەواڵگری (استخبارات) وە ئەم ستراتیژیە بەرگرییە، بەڵام لەتاکتیکدا هێرشبردنە، هەمیشە لەڕێی سەربازەکانی ناو دوژمن لەهێرش بردنیت لەپێناو بەرگریکردن لە وجودی خۆت، ئەمە ئەو یاسایە بوو کە حەشاشەکان شوێنی کەوتبوون لەجەنگیان دژی سەلجوقییەکان و عباسییەکان و زەنکی و ئەیوبییەکاندا.

حەشاشەکان بە چاندنی سەربازاکەنیان کە چەندین ساڵ لەژێر ڕاهێنانی جۆرا و جۆردابوون و زمانی جیاجیایان دەزانی و زانست و زانیاریەکی زۆریان لاکەڵەکەبوو بوو، لەناو هێزی سەربازی دوژمن یان کۆشکی پادشا. وە لەڕێی توانا و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیەوە، ئەو کەسە بەتێپەڕبوونی کات متمانەی پەیدا دەکردوو بەم جۆرەش بەپلەبەندی پۆستەکاندا سەردەکەوت تا دەگەیشتە پلەیەکی بەرز لەدەوڵەتتدا، بەم جۆرە دەیانتوانی لەڕێگەی ئەم سیخوڕانەوە کۆنترۆڵی سیاسەتی سوپا و دەوڵەت بکەن، وە هەرکەسێک بیەوێت لەو سیاسەتە دەربچێت ئەوا سەرئەنجامی تیرۆرکردن دەبێت وەک ئەوەی بەسەر وەزیری گەورەی سەلجوقی نیظام الملك دا هات، پاش ئەوەی ڕاوەدوی حسن صباح ی ناو بەردەوامبوو لە هێرشکردنە سەر ئەو ناوجانەی ئەوی تێدابوو، بۆیە لەکۆتایدا لەڕێی یەکێک لەسیخوڕەکانی ناو سوپای سلجوقی تیرۆرکرا، وە لەمێژوودا مردنی ئەو کەسە بەیەکێک لەهۆکارەکانی ڕوخانی دەوڵەتی سەلجوقی دادەنرێت لەئاسیای ناوەڕاستدا.

وە دەیان چیرۆکی جیاجیا هەن سەبارەت بە هێزی جاسوسی ئەم ڕێکخراوە، بۆ نمونە پاش تیرۆرکردنی نیظام الملك. یەکێک لە وەزیرەکان دەیەوێت بەردەوامبێت لە ئۆپراسیۆنەکەی بۆسەر ناوچەکانی حەشاشەکان لە باشوری قەزوین، بەڵام کاتێک بەیانی لەخەو هەڵدەستێت، دەبینێت لەژێر سەرینەکەیدا خەنجەرێک داندراوە لەگەڵ نامەیەکدا کە تێیدا نوسراوە (ئەمجارە خەنجەرەکەم لەژێر سەرت دانا، بەڵام لەجاری داهاتوودا خەنجەرەکە دەخەمە سەر ملت بۆیە سوپاکەت بکشێنەوە!)

هەروەها نمونەی دیکە زۆرن کە چۆن سەربازانی ئەم ڕێکخراوە توانیویان دیوارە پۆڵاینەکان و فلتەرەکانی دەسەڵات و دەوڵەت ببڕن و بگەنە ئەوپەڕی هێز لەناوجەرگەی دوژمندا و کۆنترۆڵی جوڵەیان بکەن، بۆیە لاتان سەیر نەبێت کە ئەمڕۆ کۆمەڵانێکی کەم کۆنترۆڵی سیاسەتی دەوڵەتان بکەن، وە ئەوەی لەمێژوودا زانراوە، کە ئەزمونی حەشاشەکان پاش خۆیان دەگوازرێتەوە بۆ (سوارچاکانی هەیکەل) کە پاش ئەوە بە ماسۆنی و نورانییەکان دەناسرێن وە تا ئەمڕۆ بەردەوامن لەسەر هەمان ڕەوت و ڕێباز.

## حەشاشەکان لەشام:

پاش جێگیربوونی حسن صباح لە قەڵای ئەلەمووت ٣٢ساڵ تێیدا مایەوە بێ ئەوەی بێتەدەرەوە، لەپێناو پلاندارِشتن بۆ دەستگرتن بەسەر جیهانی ئیسلامی، وە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی فاطمی پاش لاوازبوویان لە میصر. بۆیە لەدوای مردنی حسن صباح جێنشینەکانی بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازەکەی و بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتە سەرکەوتوەکەیان توانیان دزەبکەنە ناو شانشینی حەلەب و دیمەشق بەڕاکێشانی سەرکردەکان بەلای خۆیاندا جا لەترسی پاراستنی سەری خۆیان یاخود بەباوەڕهێنان بە مەزهەب و بیروباوەڕی ئیسماعیلیەکان. وە لەم ڕێگایەوە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتیان بەسەر شامدا

ڕەهابوو، بەڵام بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ و لەژێر پەردەوە. وە بەدڵنیایشەوە هەرکەسێک لەدژی بانگەوازەکەیان بوەستایە ئەوا سەرئەنجامی سەربڕینی بوو لەناو ماڵەکەی خۆیدا!

وە یەکەم قوربانی دەستی حەشاشەکان قازی حەلەب (فضل الله عجمی)بوو، بەهۆی ڕوبەڕووبونەوەی بانگەوازەکەیان ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت تا لەناوچوونی فاطمییەکان و گەمارۆدارانی حەلەب لەسەر دەستی صلاح الدینی ئەیوبی.

## دوژمنایەتی و ڕێکەوتنی حەشاشەکان لەگەڵ صلاح الدین:

پاش گەمارۆدانی حەلەب و دیمەشق و فتح کردنیان و بچووککردنەوەی نفوسیان، حەشاشەکان بەجارێک ترسیان لەو فراوانبوونەی دەسەڵاتی صلاح الدین بۆ دروستبوو، بۆیە بەخێرایی دەستیان کردە پلانگێڕی بۆ کوشتنی سوڵتانی گەورە، وە توانیان دووجار بگەنە سەر خێمەی صلاح الدین، بەڵام خوای گەورە پاراستی لەپێناو کارێکی گەورە کە قەدەری ئەوبوو ئەنجامیبدات (ئازادکردنی قدس). بۆیە سوڵتان جارێکی دیکە بەسیاسەتیدا چۆوە سەبارەت بەو هێزە شاراوەیە، بۆیە بڕیاریدا لێیانگەڕێ و هاوپەیمانیان لەگەڵدا دروستبکات و، تواناکەیان بخاتە پاڵ توانای خۆی لەجێی ئەوەی سەرقاڵبێت پێیانەوە و لە ئامانجە سەرەکییەکەی (ئازادکردنی قدس) دووربکەوێتەوە. لەوکاتەدا سەرکردەی حەشاشەکان لەشامدا (سینان شیخ الجبل) کە کابرایەکی ژیر و وریابوو، ئەم هاوەڵایەتییەی صلاحدینی قبوڵکرد، وە یەکەم کاریش کە ئەنجامیاندا بۆ صلاح الدین کوشتنی کۆنراد پادشای قودس بووا!

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر زیرەکی و دانایی صلاح الدینی ئەیوبی و کۆ نترۆڵکردنی بارودۆخەکان بەوپەڕی زیندەی و بیرتیژی.

## کۆتایهاتنی حەشاشەکان:

پاش لەناوچوونی دەوڵەتی خوارزمی لە خۆراسان و ناوچەکانی پشت ڕوبار (ما وراء النهر) سنوری ئیمپڕاتوریەتی مغۆل بووە دراوسێ لەگەڵ ناوچەکانی ئیسماعیلی و حەشاشەکان، وە بەهۆی ئەو ناوە خراپەی کە ئەم گروپە هەیانبوو، هۆلاکۆ هیچ ڕوحمێکی پێنەکردن بەوپەڕی هێزەوە لێیدان تا نەبنە خەنجەرێک لەپشتیانەوە، بۆیە هێرشی کردە سەریان و قەڵای ئەلامۆتی سوتاندا. بەمەش کۆتایی بەم کۆمەڵە هات لەخۆراسان بەتەواوەتی لەساڵی١٢٦٥ وە لەناوچەکانی شامیشدا دوای لاوازبوونیان لەسەر دەستی (ظاهر بیبرس) سوڵتانی مەمالیک لە مصر لەناوبران و دوا ناوچەی ژێر دەستیان لەتەڕابلس کەوتە ژێر دەستی مەمالیکەکان، بەمجۆرە لەساڵی١٢٧٣ بەتەواوەتی کۆتایی بەهەمەوو شتێک هات بەناوی حەشاشەکان دوای نزیکەی ٣سەدە لە جەنگی دەروونی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی.

**کۆتایی**